# چاككردنی كومەلگای كوردستان
# سیاسەت و بەرنامەی دریژخایان

سیاسەت و بەرنامەی دریژخایان بەبی یەکتر ناتوانن بژین، هەموو پارتتیکی سیاسی لە ئوپوزیسیون و دەسەلاتدا دەبی بەرنامەو سیاسەتی دیاریکراویان بو چارەنووسی کومەلگا هەبیت.

چارەنووسی کومەلگا بەرپرسیاتیەتیکی گەورەیەو هەموو پارت و رابەریکی سیاسی ناتوانی ئەم بەرپرسیاریەتە میژوویە لە ئەستو بگریَ.بەلکو کۆمەلگا ئەم ئەرکە بە پارت و رابەرە سیاسیەکان دسپێرن. هەموو کۆمەلگایەک رابەرەکەی و پارتە سیاسیەکانی لە ئاستی خۆیاندان، یان لەلایەکی تر بەرنامەی درێژخایانەکەیان لە ئاستی کۆمەلگاکانیان و دەسەڵاتەکەیان دان.

بو ئەوەی ئەم دووە یانی کومەلگاو بەرنامەی دریژخایان لەگەل یەکدا بینەوەو گەشەبکەن ئەوا دەبی هەمووان بەشداربن و کاریگەریان لەسەر یەکتردا هەبی و کومەلگا بتوانی زیاتر گەشە بە پرۆسەکانی بدات و دینامیکیەتی تیادا بەوجود بێنێت.

بۆ ئەوەی ئەم مەنهەجیەتە بە پراکتیک بێتەوە، ئەوا دەبێ هەمووان یانی تەواوی کۆمەلگا بەشدار و کاریگەربن لە سەر پرۆسێسەکان هەر یەک بە گوێرەی تاوانا و ئەرک و فەرمانەکانیان.

لیردا بیری پارتی سیاسی و ریکخراوەی سیاسی ناوخۆیی سەرهەلدەدا، کە دەسەلاتی سیاسی ناوخۆیی لە ناوچە و هەرێم و شارەکان بەرێوە دەبەن. ئەم سیاسەتە ناوخۆییە رێگا لەبەردەم دەخالەتی کۆمەلگا لە سیاسەتدا دەکاتەوە.

لە خوارەوە هیلکاری بۆ رروونکردنەوەی ئەم تێزە بلاو دەکەینەوە.




ئەم هیلکاریە ماهیەتی کاریگەری مرۆڤەکانی کۆمەلگا لەسەر سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەوە بۆ دارژتنی بەرنامەی درێژخایان روون داکاتەوە.

کە بنەمای ئەسلی ئەمانە گەشەی چۆنایەتیەکانی کۆمەلگان، ئەمانە پەیوەندیەکی دیالکتیکیان لەگەڵ یەکدا هەیە.واتە هەردوولا کاریگەری جدییان لەسەر یەک هەیە و لە گۆڕانی بەردەوام دان.

بۆ ئەوەی زیاتر بۆ قوولایی باسەکە بچین پێ ویست دەکات چەند فاکتەرێ روون بکەینەوە.

گرنگترینیان بریتین لە:وەزعیەتی میژووی و کەلتووری سیاسی کۆمەلگا، ئاستی هۆشیاری کۆمەلگا، وەزعیەتی ئەقلیمی و ئەنتەرناسیونالٌ و ئالٌوگۆرە سیاسی و ئابووریەکان.

ئامادەگی تاک لە پرۆسەی سیاسی و کاریگەری لەسەر هەموو رەوندەکانی کۆمەلگا. ئەمە تەنها بە هاتنە مەیدانی کۆمەلە کادیرو رابەرێ دەکری کە کۆمەلگا بۆ ئەم رەوشە سیاسە ئامادە بکەن.

**ئینجا بۆ بنەمای چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا دەچینەوە، لیرەدا چۆنایەتی پێناسەیەکی زۆر قورسی دەبێ، هەر پارت و رێکخراوێکی سیاسی پێناسەی خۆی بۆ هەیە کە سەرچاوەی لە قازانجی چینایەتی هەلقولاوە. بەلام لە واقع دا دەبێ بنەماکانی ئەسلی کۆمەلگا لە دەستووری دائیمی وولاتدا بۆ هەموو کۆمەلگا یەک بێ. ئەمەش لە زۆر دەستووری وولاتانی تری دونیا یان دەستوورە جیهانیەکان ساغ کراوەتەوە، ئەگەرچی زۆر فەقەراتیان کۆن بوونە بەلام دەکرێ سەرچاوەی باشی پاراستنی چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا بن.**

**بەنموونە دەستووری دائیمی وولاتی فرەنساویەکان سەرچاوەیەکە بۆ پاراستنی چۆنایەتیەکانی سۆسیال و پرۆسێسەکان...هتد.رەنگە لە دەستوورەکانی جیهانی دا زۆر جار گەشەدان بە چۆنایەتی ئابووری و یەکسانی مرۆڤەکان سەرچاوەی باشبن، با هەر مەرەکەبی سەرکاغەز بن. بەلام هەن.**

**هەر کۆمەلگایە بە جۆری وەزعیەتی سیاسی و کەلتوورەکەی لەگەڵ ئاستی گەشەی هۆیەکانی بەرهەمهینان کە سەرچاوەی هەموو ئالوگۆرەکانە لە دونیا مامەڵە لەگەڵ بەرنامە درێژخایەنەکان دەکات.**

**ڕاستە ئابووری سەرچاوەی هەموو ئەم گەشەسەندن و بەرنامە درێژخایانەیە، بەلام بە دەخالەتی هەموو کۆمەلگا لە سیاسەتی وولاتدا ئاستی بەرهەمهێنانی نەتەوەیی بەرز دەبێتەوە.**

**ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی داهێنان و ئاڵوگۆر لە بنەماکانی ئابووری ، ئەمەش بەخۆیەوە دەبێتە فاکتەرێکی بەهیز بۆ گۆرانی پەیوەندیەکانی کۆمەلایەتی لە کۆمەلگا.**

**باشترین هۆ بۆ ئەمەش بوونی کەش و هەوایەکی ئازادی سیاسی و دەست والا بوونی گەشەی سەرمایەداری دەولەتیە. لێرەدا لیبرالیزمی نوێ کێشەی زۆری دەبی چونکە کەرتی تایبەتی لە سەر حسابی کۆمەلانی خەلک گەشە پێدەدا.**

**دەخالەتی تەواوی کۆمەلانی خەلک لە بەرنامەی درێژخایاندا جۆرێ لە ئەفکاری گەلیە، ئەمرۆ بۆ وەزعیەتی ئیستای کوردستان دەتوانێ تەکانێ بە کۆمەلگا بدات و لەدەست سەرکووتی بەردەوام هەناسەیەکی پڕ ئۆکسجین بۆ هەمووان دێنێ.**

**ئەم بەشداریەی گشت بە مانای ئەوە نیە کە جیاوازیەکان و کێشەکان قووڵ نابنەوە، بە پێچەوانەوە لێرەدا جیاوازیەکان لە گەرەک و کارخانەکان و شار و هەرێم و وولاتدا ڕێچکەی زانستی خۆی وەردەگرێ.**

**خەلکی بە هۆشیاری چینایەتی و قازانجەکانی نەتەوەیی و فەردی دەست بەکار دەبێ، لێرەدا فاکتەری سۆسیال و سایکۆلۆژی مرۆڤەکان هەر دەمینێ.**

**بەکوورتی ئەوەی دەمەوێ لێرەدا بیخەمە ڕوو چەندین باسی گرنگن لەمانە:**

1. **بەرنامەی درێژخایان بۆ کۆمەلگا لە سەر ئاستە جیاجیاکاندا و کاریگەری پارتە سیاسەکان و کۆمەلگا لە سەر ئەم بەرنامەیە.**
2. **بەشداری گشتە لە پرۆسەی سیاسی و بەرنامەی درێژخایان بۆ کۆمەلگا.**
3. **گەشەدان بە چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا، ئەمەش دەبێ لە ئەنجامی دەخالەتی فەرد لە ژێرەوە کاریگەر و فەعال لەسەر دەسەلاتی سیاسی لە وولاتدا بێ.**
4. **پەیدابوونی پارت و رێکخراوی سیاسی لەسەر ئاستی شار و ناوچە بۆ گەشەدان بە سیاسەتی ناوەخۆ یان دەستگرتن بە دەسەلاتی ناوخۆ ( لۆکال پۆلیتیک). بەنموونە گرفتەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری ناوچەکان جیاوازییان هەیە، کە ئەمەش هۆی تایبەتی خۆیان هەیە.**

**بۆ ئەوەی ئەم فەزایە ئامادەبێ دەبێ کار بۆ پێش مەرجەکانی بکەین.کە ئەویش بە یەک ووشە گەشەی چۆنایەتیەکانی کۆمەلگایە یانی چۆنایەتی ئابووری، سۆسیال، ژینگە، دەوروبەر و چۆنایەتیەکانی پرۆسێسەکانە. هەر ئەمانەش بە هۆی دەخالەتی مرۆڤەکان لە سیاسەتی بەرنامەی درێژخایاندا ژیانی نەوەکانی داهاتوو کە بەرزکردنەوەی چۆنایەتیەکانە بۆیان مسۆگەر دەکات. یەکەم هەنگاویش بوونی فەزایەکی ئازاد و ئارامی سیاسیە لە کۆمەلگادا، کە ئەمەش ئەرکی هەموانە و بۆ هەمووانە.**

**ئاسۆ حامدی**

**20 مەی 2006**